زاهیر عەبدولڵا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکەی کۆچی هەتایی کرد



ئەمڕۆ شەممە 23ـی تشرینی دووەمی 2024، هونەرمەند و ئەکتەر زاهیر عەبدولڵا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکەی، ئەمڕۆ لە تەمەنی 66 ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

هونەرمەندی بواری شانۆ و دراما زاهیر عەبدوڵا ئۆوارەی ئەمڕۆ شەممە بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

ئۆوارەی ئەمڕۆ شەممە هونەرمەندی بواری شانۆ و دراما زاهیر عەبدولڵا کە زیاتر لە 50 ساڵە لە بواری هونەردا کاردەکات بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

بافڕ تاڵەبانی دوای کۆچی زاهیر عەبدولڵا پەیامێکی بڵاوکردەوە: ڕۆڵ و خزمەتی زاهیر عەبدولڵا لە بواری شانۆ و نواندن لەیادناکەین.

بافڕ تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی زاهیر عەبدولڵا، هونەرمەندی ناسراوی کوردمان پێگەیشت، بە ئێم لەدەستدانە گەورەیە پرسە و هاوخەمیی قووڵی خەمان ئاڕاستەی خێزان و کەسوکارە سەربەرزەکەی، هاوڵاتیانی و هونەرمەندانی کوردستان دەکەین و هاوبەشی ئێم خەمە گەورەیەین، لەخوای گەورە داواکارم هونەرمەندی خۆشەویستمان بە بەهەشتی بەرین

شادبکات و سبووری بۆ هەموولایەک ببەخشێت.